# ماڵی شەیتان

شیعری: بەرزان هەستیار
کانونی دووەم و شوباتی 1998
ئەڵمانیا/ نورنبێرگ

بەرەو کام بەندەری دڵنیایی
ڕووی کەشتییەکان وەر بگێڕین
هەر لە یەکەم دەرکەوتنی شاباڵی نەورەسەکانا
ئای نەورەسە گوناهەکان،
گوێم لە تەقەی تفەنگە ژەنگاوییەکانی
کەشتیوانە کوێرەکان بوو
دەنگی جوانترین شەهیدبوونی سەماتانی
دا لە بەردی شەپۆلێکی تینوو بە خنکانی ئێوەو
برسی بە گەردنی ئێمەی قیبلە نوما وردو خاش بوو،
ئای کەشتیوانە گەمژەڵ و لێبووکەکان
بریسکو وڕی گڵۆپی بەندەرە ڕەنگاو ڕەنگەکان
لە نیگای نەورەسەکانا پرشنگی ڕۆ ئەکردە سەر
لەش و لاری ڕووتی دەریا،
گەڕانی نێو گلێنەی نەهەنگ یانی چی !؟
تازە ئێوە خوێنی مەلەوانی بەڵەد بە نهێنییەکانی دەریاو
خوێنی دڵە بچکۆلەکانی نەورەس و
خوێنی بێ نوێژیی ئافرەتە، سۆزانییەکانتان تێکەڵ کرد
تروسکەی کەنارەکانتان
بە باڵی شەمشەمە کوێرە لێ گرتین و
نەخشەکانتان سپارد بە ڕەحمەتی دانی نەهەنگەکان،
لە ئەفسوونی بەرماڵەکان حاڵیی نابین
هەر ئەچنەوە سەر حەوشەو ماڵی شەیتان؛
جێیەکتان بۆ نوێژی پاکی بەیانیانمان نەهێشتەوە
لە پاساری نزاکانا غەرق ئەبینەوە لە "زینا"
ئەی کەشتیوانە شارەزا بە وێڵ بوون و گێژەنەکان
بماندەنە دەست چارەنووسی هەڵچوونی دەریاکان و

بەلەمی بێ سەوڵ و کەشتیی بێ چارۆکە
ژێر ڕیزە  چەقۆی ددانی
ئاژەڵی دڕندەی ئاویی،
ئاسوودە تر لە مەرگی نێو لمی کەنار
لە خنکانی وەدوو کەوتنی سەراب و
کوژرانی نێو کۆڵانە تەم گرتووەکانی خەون و خەیاڵ ؛
تازە ئێوە خوێنی کۆتری دڵەکان و
خوێنی پشیلەی بەر دەرگای شکاوی...
قەفەزی کەنارییەکان و
خوێنی پێوەبوونی سەگە خوێڕییەکان و
خوێنی پاش لەیەك بوونەوەی،کۆرپەو دایکتان تێکەڵکرد
تازە ئێوە پەرداخەکانی یەقینتان
بۆ پڕ کردین لە دووکەڵ و بۆسۆی گومان
سفرەکانیش ڕازاوە بە نانی وەهم و
پێخۆری ژەهراویی بوختان،
گڵۆپەکانی بەندەریش سەریان نایە ژێر لمی کەنارەکان و
تەرمی مانگیش شەپۆلێ ئەیدا بەوی دی و
هەموو ڕێیەك ئەچێتەوە ماڵی شەیتان
************************************

* لە دیوانی"نەوەیەك پیرە منداڵ"ەوە